# کیسەڵەکان نافڕن

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.ca

دوو تێبینی پێویست:

1-ماوەیەکی چاك بەسەر بەرهەمهێنان و نیشاندانی فلیمی( کیسەڵەکانیش دەفرن)دا تێپەڕیوە،بەڵام لەبەر ئەوەی فلیمەکانمان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن،ئەوە خستنە ڕووی باسێك لەسەر هەر یەکێکیان هەموو کاتێك زەرورەتی هەیە.

2-لەبەر دوور و درێژی ئەم باسە ناچارم لەم گۆشەیەدا بە چەند ئەڵقەیەك بڵاوی بکەمەوە.

(2)

پێم باشە لە کات و شوێنەوە دەست پێ بکەم،لەبەر ئەوەی تەنها ئەو دوو فاکتەرە ئەو سێ چیرۆکە بەیەکەوە گرێ دەدەن کە لە فلیمەکەدا دەگوزەرێ.بەڵام هەر ئەو دوو فاکتەرەش فلیمەکەیان تژی کردووە لە ناکۆکی.سەبارەت بە کات و شوێن بڕیارە کامپێکی ئاوارە کوردەکانی عێراق بێت لەسەر سنووری عێراق-تورکیا-ئێران.لەبەر ئەوەی ئەم فلیمە ڕووداوێکی مێژوویمان بۆ دەگێڕێتەوە ،ناچارین وەك فلیمێکی واقیعی چاوی لێ بکەین،بەو مانایەی ڕووداوەکانی فلیمەکە وەك ڕووداوی ڕاستەقینە چاو لێ بکەین.لەم جۆرە فلیمانەشدا سیناریست دەتوانێت بە بۆچوونی خۆی ڕووداوەکان شی بکاتەوەو ئەنجام گیری لێ بکات،بەڵام ئازاد نییە لە دەستکاری کردنی خودی ڕووداوەکان و کات و شوێنەکانیان.سیناریست ناتوانێت حەقیقەتێکی مێژوویی تێکەڵ بە هزرو خەیاڵی خۆی بکات و چیرۆکێکی لێ بەرهەم بهێنێت.ئەگەر وای کرد ئەوە چیرۆکەکە واقیعیەتی خۆی لەدەست ئەدات.بینەر ناتوانێت حەقیقەتە مێژووییەکان بە زادەی خەیاڵی سیناریست بژمێرێت،لێرەوە هەر کارێکی لەم بابەتە بینەر بە گۆڕین و تەزویر کردنی حەقیقەتی لە قەڵەم دەدات نەك تێکەڵ کردنی خەیاڵ و واقیع.ڕەنگە بتوانی خەیاڵ و ڕاستی لە تەجروبەیەکی شەخسی خۆتدا کۆ بکەیتەوە بەڵام ڕووداوێك کە بە مێژوو کرابێت و لە کاتی خۆیداو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ووتەی سەعات بێت ئەوە کارێکە قابیلی قەبوڵ نییە.دیارە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق لە ساڵی (2003)دا دەستی پێکرد ئەمەش قابیل بە دەست کاری کردن نییە. ئەوەی کە پرسیارێکی گەورە دەخاتە ڕوو بوونی ئەو کامپەیە لەو کاتە تایبەتەدا.لە ساڵی (1992)ەوە کوردستانی عێراق جۆرێك لە سەربەخۆیی بە خۆیەوە بینی و لە ژێر ڕکێفی حوکمەتی بەعس ڕزکاری بوو ،لێرەوە دیاردەی ئاوارە بوون و درووست بوونی کامپی لەو جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو بەروارە،بە مانایەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە بەعس دەسەڵات دار بوو لە کوردستاندا.کەواتە بوونی کامپێکی لەو جۆرە و لەو کات و شوێنەدا سیفەتی ڕاستەقینەیی لە فلیمەکە وەردەگرێتەوەو بینەریش دووچاری چەواشەکاری دەکات.ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەمە بۆخۆی دەست کاری کردن و گۆڕین و تەزویر کردنی مێژووە.چونکە بوونی کامپێکی لەو جۆرە وەزعێکی سیاسی جیاوازی دەوێت

لەو وەزعە سیاسیەی کە  لە فلیمەکەدا هاتووە.لێرەوە خوێندنەوەکان و لێکدانەوەکانمان بۆ ڕووداوەکان گۆڕانکارییان بەسەرا دێت.ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە شەڕ نە لە کوردستانەوە دەستی پێ کردو نە سوپای ئەمریکاش بەو جۆرە هاتە خاکی کوردستانەوە کە لە فلیمەکەدا دەیبینین .لە فلیمەکەدا وا دەردەکەوێت کە سوپای ئەمریکا بەشەڕ هاتبێتە کوردستانەوە کەچی حەقیقەت ئەوەیە تەنها لە سنوورەکانی کوردستان و ئەو شوێنانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی بەعسدا بوون هەندێك سووکە شەڕ رووی دا ،ئەگەر نا ئەمریکا هێزەکانی ڕژێمی لە کوردستاندا بە زەبری هێزی ئاسمانی ناچار بە خۆبەدەستەوە دان کرد.با وا بگرین نەك هەر شەڕی عێراق و ئەمریکا بەڵکو ئەو ڕووداوانەش کە پێش و دوای شەڕ هاتنە پێشەوە و سەرجەم ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو تەرەفەو مەسەلە گرێدراوەکان بەو ناکۆکیانە یاری شەترەنج بێت ،وە وا بگرین ئەو یارییە بە شەش هەنگاو کۆتایی پێ هاتبێ.لێرەدا نووسەر یان سیناریست ناتوانێت دەست کاری ئەو شەش هەنگاوە بکات ،بەڵام هەقی ئەوەی هەیە شەش هەنگاو یان هەرچەند کە خۆی بە زەروری بزانێت بۆ ئەو یارییە(ڕووداوەکان) بخاتە ڕوو ،بەڵام لێرەدا سیناریست قسە لە خودی واقیعەکە ناکات بەڵکو لە ئەڵتەرناتیڤێك کە ئەم بە ڕێگا چارەیەکی درووستی دەزانێت.ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای فلیمەکە ئەوە بینەر لەسەر سکرینەکەدا ئەوە دەخوێنێتەوە کە کات دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕۆژێك پێش ڕزگار کردنی یان داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ،ئەمەش ئیشارەتێکی بێ خەوشە بۆ ئەوەی کە ڕووداوەکان ڕووداوی ڕاستەقینەن،ڕاستیەکەی بەهەمەن دەبوو بنووسێت(ڕووداوەکانی ئەم فلیمە ئیلهامی لە ڕووداوەکانی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە وەرگرتووە) یان شتێکی لەم بابەتە.

8-8-2005